# دیوار

**بەیان فەرِشی**



"قەوزەی سەر دیوار" لەلایەن سووزن هەنداو

Algae on wall by Susan Handau

دیوارێکی ئەستووری کۆن بوو، لە سێ ڕیزە خشتی چنراو لە پاڵ یەکەوە پێکهاتبوو و سێ میتر درێژایی بوو، بەڵام خشتەکانی زۆربەی هەڵوەریبوون و قەڵشتیان تێکەوتبوو، بۆیە جێی بەقا نەبوو.
مامە پیرە هۆگرییەکی سەیری بەم دیوارە بوو، وەنەبێ دڵی پێی خۆش بێ. وەک شتێ سامی هەبوو، نەیدەتوانی دایڕمێنێ. لە هەڕەتی لاویەتیدا باوکی بە زۆرپێی سازکردبوو. زۆری ئەزێت پێوە بینیبوو هەر لە خۆڵ پێژان و قوڕگرتنەوەوە بیگرە هەتا قاڵب گرتن و لەبەر تاو هەڵخستنی خشتان و لە پاشان دیوار چنینەکە، هەمووی لە ئەستۆی خۆی بوو. خوێن و ئارەقی لەسەر ڕشتبوو. سەرەڕای ئەوەی کارێکی بەسەرداسەپاو بوو، نەیدەتوانی ئەم ساتانە لەبیربکا و بە قوڵینگ پێی وەر بێ.
ئەو کاتانەی دڵی دەگیرا و پشتیوانێکی پێویست بوو، پشتی بە پشتی دیوارەوە دەنا، ئەگەرچی پشتیوانێکی بێخێروبێر بوو و هیچ شتێکی لێ هەڵنەدەوەری.

دیوارە کۆن، پاش نزیکەی پەنجا ساڵ لەبەر باران و تەڕایی زۆر، قەوزەی سەوز و ڕەشی هەڵێنابوو. لەبەر ئەم قەوزانە ژنەکەی نەخۆش کەوتبوو و تووشی ئازاری جەرگ ببوو و هەر بەم ئازارەوەش سەری نابۆوە، بۆیە کوڕ و بووکەکەشی باریان کردبوو و تەنیایان هێشتبوو.
دەڵێن قەوزەی سەوز و ڕەش ژارێک لە خۆی بڵاودەکاتەوە و نەخۆشی سەیری پێوەیە. سەرەڕای ئەم هەموو نەهامەتیانە، مامە پیرە سێبەری دیوارەکەی لەگەڵ هیچ شتێک نەدەگۆڕییەوە و وازی لێنەدەهێنا.

شەوێک دیوار دارِما، دڵی داخۆرپا و ئەژنۆی شل بوو، وەک ئەوە دەچوو دیوارێک لەناو مێشکییا دارِمابێ. هەستی بە بەتاڵی کرد، بەڵام هەستێکی ڕزگاربوونیش هێوری دەکردەوە. لەوە دەچوو ترس و دوودڵیەکی مەزن بە بارستایی دیوارێک لەناو مێشکی دا ڕووخابێت. هەستی بێ پشتیوانی، پشتی بەتاڵ کردبو، بەڵام ڕزگاربوونێکی بێ ئەم لا و ئەولا باڵەکانی لێک کشاندبۆوە.

لەناکاو لەخەو ڕاپەڕی. بە ڕاکردن خۆی گەیاندە حەوشە. بینی دیوار لە جێی خۆیەتی، خەمێکی مەنگ ڕوخساری داگرت.